
# چەمکی بڕوا بەخۆبوون کلیلی سەرکەوتنی خانمانە



**زۆر جار چالاکانی بواری مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکەنەوە کە دواخستنی ئافرەت بە هۆکاری نەریتی کۆمەڵگە و بەردخستنە سەر ڕێگەیان لە بەشداری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری، وڵات و نەتەوە دوا دەخات، هاوکات بەپێی هەوڵەکانی ئافرەت بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی، سەلمێندراوە کەوا متمانەی تەواوی بە تواناکانی خۆی هەیە و بێ گوێدانە ئاستەنگەکان هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و رەچەشکێنی دەکات. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ ئەم پرسە هەیە.**


سەرەتا نەدا مێرگەسۆری پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هێما بۆ ئەوە دەکات لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە چاوێکی یەکسانەوە سەیری هەردوو رەگەزی نێرو مێ ناکرێت، هەمیشە رەگەزی مێ خۆی لە ئاستێکی نزمتر دەبینێت، چونکە ئەو پەروەردەیەی کە پێی گەورە کراوە، پەروەردەیەکی ناتەندروست بووەو ئافرەت بە رەگەزی دووەم و پیاو بە رەگەزی یەکەم هەژمار کراوە. گوتیشی: «پەروەردەی خێزان و دواتریش پەروەردەی کۆمەڵگەی دواکەوتوو وا لە ئافرەت دەکات کە بەو جۆرەی پێویستە متمانەی بە خۆ نەبێت و هەمیشە لە ئاست ئەنجامدانی هەر کارو ئەرکێك لە خۆی بە شك بێت، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێت گەر ئەرکەکەشی وەرگرت، بە باشترین شێوە ئەنجامی دەدات، چونکە یەکەم سروشتی خودی ئافرەت سروشتێکی پاك و بێگەردو رێکخراوە، دووەم هۆکاریش ئەوەیە وا فێرکراوە کە ئافرەت هەر ئیشێکی پێدەسپێردرێت، دەبێت بە رێکوپێکی ئەنجامی بدات، چونکە دەکەوێتە بەر تانە، ئافرەتیش گەر بەر تانە کەوت، لە کۆمەڵگە حیسابی ئافرەتێکی خراپی بۆ دەکرێت.»

ئەو پەرلەمانتارە لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «دوای ئەو بزاڤ و چالاکیانەی ئافرەتان لەسەرتاسەری دنیا بۆ چاکترکردنی باری گوزەران و یەکسانکردنی مافەکانیان لەگەڵ پیاوان و گەڕاندنەوەی پێگەی راستەقینەیان گرتیانەبەر، هێدی هێدی ئافرەت بە چاویلکەییەکی تەندروستتر سەیرکراو رێگەی پێدرا کەم تا زۆر لە زۆربەی کایەکانی ژیان بەشداری هەبێت و شان بە شانی پیاو لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەنگاو بنێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «بۆ ئەوەی ئافرەتان بیانەوێت بە رێژەیەکی بەرچاو لە هەموو کایەکانی ژیان بەشدار بن، پێش هەموو شتێك پێویستە متمانە بە خۆبوونی خۆیان بەدەست بێنن، کە ئەمەش هەر لە خۆیەوە دروست نابێت، بەڵکو چەندین فاکتەر هاوکارن بۆ ئەوەی




رەگەزی مێ بتوانێت خۆی بسەلمێنێت، بۆیە پێویستە یەکەم هەنگاو، لە خێزانەوە دەست پێ بکرێت، کە دایك و باوك رۆڵی بەرچاویان هەیە لە بەرزرکردنەوەی متمانەی رەگەزی مێ، دواتر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەو تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت، هۆکارێکی دیکەیە بۆ کەمی و زۆری متمانە بەخۆبوونی ئافرەت، بەرنامەی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی و پاڵپشتی هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)ـە کە پاڵنەرێکی باشن بۆ ئەوەی ئافرەت متمانە بەخۆبوونی زۆر بێت و پێنگاڤەکانی پێشکەوتن بە خێراتر بهاوێژیت. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە هۆکارە کەسییەکان کاریگەری یەکجار بەهێز و ئەرێنییان هەیە، کە بە هۆیەوە ئافرەت دەتوانێت متمانە بە خۆبوونی خۆی بە هێز بکات و بتوانێت خۆی وەك کەسێکی بەسوود و خاوەن پێگەیەکی بەهێز بسەلمێنێت، کە ئەویش بە هۆی رۆشنبیرکردنی خۆی دەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ژیان .»

دەرونزان یوسف عوسمان حەمەد لە رووی دەروونییەوە شرۆڤەی چەمکی متمانە بەخۆبوون دەکات و رایوایە «کاتێك باس لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، کەلتوور بەسەر رەگەزی نێر و مێدا دابەش بووەو ئەو کەلتوورە هەژموونی نێرسالاریی بەسەر رەگەزی مێدا سەپاندووە.» هەروەها گوتی: «لە رووی سایکۆلۆژییەوە زۆرجار ئافرەت ناتوانێ راستییەکان بدرکێنێ، فاکتەرەکانیشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. هۆکاری یەکەم ئەوەیە لەناو خێزان رێگەی پێنەدراوە قسەی دڵی خۆی بکات و راستییەکان بدرکێنێ، ئەگەرچی بێدەنگییەکەی زیانیشی پێی گەیاندووە، چونکە ئەو دەرفەتەی نەبووە ببێتە خاوەن گوتار و بریاری خۆی، لە رووی دەروونی کۆمەڵایەتییەوە کەسێك رێگر لەبەردەم قسەکردنیدا هەبێ، ئەوا ئەو کەسە بێ جورئەت دەبێ، خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە راستبێژی زیانی پێدەگەینێ و ناتوانێ بەرگری لە راستییەکانی خۆی بکات، بۆیە بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، تاکە چارەسەر بۆ ئەو گرفتە گرنگیدانە بە پەروەردەی نەوەی داهاتوو، کە بە دوو ستوونی هاوشێوە کاری لەسەر بکرێ و لە ناو خێزانەکان دەست پێبکات و لە وێوەش بۆ پرۆسەی پەروەردە و خوێندن بۆ ئەوەی کچانیش بتوانن بوێرانە قسە بکەن و گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن و بەجورئەتەوە وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەنەوە، لە هەمان کاتیشدا رەخنەکانیان مایەی قبووڵکردن بێت، ئەوکات نەوەیەکی تەندروست و چاونەترس دروست دەبێ، پێچەوانەی کچان و ژنانی ئەمڕۆ کە گومان



**مەیادە محەمەد :**

**پیاوان لە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکاندا نایانەوێت ژن خاوەنی کەسایەتی بەهێز بێت و پێیان شەرمە پێگەی ژنەکەیان لە خۆیان بەرزتر بێت**



**نەدا مێرگەسۆری :**

**هۆکارە کەسییەکان کاریگەری یەکجار بەهێز و ئەرێنییان هەیە، کە بە هۆیەوە ئافرەت دەتوانێت متمانە بە خۆبوونی خۆی بە هێز بکات و بتوانێت خۆی وەک کەسێکی بەسوود و خاوەن پێگەیەکی بەهێز بسەلمێنێت**

له هه‌موو شتێك ده‌كه‌ن و به‌گومانه‌وه له ده‌وروبه‌ر ده‌ڕوانن. به‌ڵام بۆ ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كه به‌هۆی باجه قورسه‌كه‌ی كۆمه‌ڵگه باجێكی قورستر ده‌ده‌ن و بێده‌نگییان به‌ناچاری كردۆته به‌رنامه‌ی ژیانیان، پاڵپشتی یاسایی چاره‌سه‌ر و گه‌ره‌نتی و خولقێنه‌ری ژیانێكی شه‌ره‌فمه‌ندانه‌ی ئافره‌تانی چه‌وساوه و مافخوراوه .»

چالاكی مافناس شوان سابیر، سه‌باره‌ت به هه‌مان پرس ده‌ڵێت: «ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ هۆكاری كه‌مبوون، یان نه‌بوونی متمانه‌به‌خۆبوون له‌لای ئافره‌ت بزانین، ده‌بێت شرۆڤه‌یه‌كی وردی بۆ بكه‌ین، چونكه ئه‌و حاڵه‌ته گرفتێكی هێنده كۆنه، كه ده‌كرێ بڵێین هه‌ر له ده‌ستپێكه‌وه وه‌ها ڕۆیشتووه، تاكو ئێستاش به‌رده‌وامه، بۆیه ده‌بێ یه‌كه یه‌كه‌ی هۆكاره‌كانی دروست نه‌بوونی ئه‌و متمانه‌یه شرۆڤه بكه‌ین و پرۆگرامی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی بۆ دابرێژرێت.»ئه‌و پرۆگرامه‌ش له‌م چه‌ند خاڵه‌دا چڕ ده‌كاته‌وه:

١- خۆ به كه‌م زانین و لاوازیی متمانه به‌خود ده‌بێته هۆی دروستبوونی هه‌ستێكی ده‌روونی له‌لای كه‌سه‌كه كه به‌رده‌وام له ململانێیه‌كی ناوناخیدایه‌و هه‌رده‌م له‌گه‌ڵ خۆی ئه‌وه دووباره ده‌كاته‌وه و ده‌ڵێت من هه‌ره‌سم هێناوه، من گێلم، من نازانم، من ناتوانم، من نابێ ئه‌وه بكه‌م، من بۆم نییه ئه‌وه بكه‌م، ئه‌و ململانێیه‌ش له ناهۆشیاری ئه‌و كه‌سه‌دا چه‌كه‌ره ده‌كات و ناهێڵێ هیچ بكات و هیچ بڵێت و هیچ ره‌ت بكاته‌وه و هیچ داوابكات، تاكو داوای لێ نه‌كه‌ن، یا نه‌یده‌نێ، یا پێی نه‌ڵێن، واته مرۆڤێكی ئیتیكاڵی پشتبه‌ستوو به خه‌ڵكی دیكه‌ی لێ دروست ده‌بێت و وه‌ك ڕۆبۆت كارده‌كات .

٢- خۆمه‌لاسدان بۆ خاڵه لاوازه‌كانی خۆی و هه‌ستكردن به‌وه‌ی هه‌موو كه‌سێك ئه‌و نه‌قس و لاوازییه‌ی ده‌بینێ و چاودێری ده‌كرێت و خه‌ڵكانێك له چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌دان كه هه‌ڵه‌یه‌ك بكات، ئه‌و هه‌سته‌ش واده‌كات كه ئه‌و كه‌سه نه‌توانێ بڕیارێك بدات، كارێك بكات، یا نه‌یكات، قسه‌یه‌ك بكات، یا نه‌یكات، هه‌تاكو پێی نه‌وترێت .

٣- ڕۆڵی دایك و باوك و مامۆستا و قوتابخانه له سه‌ره‌تاكانی گه‌شه‌ی منداڵ كه بریتییه له سه‌ره‌تاكانی بونیادنانی كه‌سایه‌تی بۆ منداڵه‌كه هێنده گرنگه كه دواتر كه‌سایه‌تی ئه‌و منداڵه له ناو كۆمه‌ڵگه و له ژیانی خۆیدا دیاری ده‌كات، كه ئایا كه‌سێكی قیادی ده‌بێت، یا ئیتكال ،ی یا ئینعیزالی یا یاخی و،،هتد، به‌ڵام له ڕێگه‌ی په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروست و پلانی دروسته‌وه كه‌سایه‌تی منداڵ گه‌شه‌ده‌كات».

٤- مه‌ترسیدارترین هۆكار ئه‌وه‌یه كه دایك و باوك بۆ سه‌ركۆنه‌كردنی منداڵی خۆیان به منداڵی دیكه به‌راوردیان بكه‌ن، وه‌ك: تۆ بۆ وه‌كو فڵان كه‌س زیره‌ك نیت؟ تۆ بۆ وه‌كو فڵان كه‌س پاك و خاوێن نیت؟ ...هتد، ئیتر ئه‌و منداڵه له هه‌وڵی به‌رده‌وامدایه كه ته‌قلیدی فڵان و فیسار بكات .

٥- سه‌ركۆنه‌ی زۆر بۆ ئه‌و كاره خراپانه‌ی كه منداڵ ده‌یكات، خۆی منداڵ بوونه‌وه‌رێكه بێ ئه‌زموونه، بێ ته‌قدیره بۆ كۆتایی شته‌كانی، واته منداڵ كه به‌ردێك فڕێ ده‌دات، ئه‌و هه‌موو ته‌ركیزی له‌سه‌ر كرداری فڕیدانه‌كه‌یه، نه‌ك ئه‌و به‌رده به‌چی ده‌كه‌وێت و له‌كوێ ده‌كه‌وێته‌وه .. بۆیه سه‌ركۆنه‌ی زیاتر له سنووری مه‌عقول بۆ ئه‌و ره‌فتار و گوتارانه‌ی منداڵ واده‌كات ئه‌و منداڵه له ئه‌نجامدا ته‌نیا یه‌كێك له دوو ڕێگه خراپه (ئیتیكالی بوون، یان یاخی بوون) هه‌ڵبژێرێت.

شوان سابیر ئاماژه به‌وه‌ش ده‌كات كه له‌ده‌ستدانی متمانه ته‌مه‌نی گه‌وره‌ش ده‌گرێته‌وه، به‌ڵام ڕێژه هه‌ره گه‌وره‌كه‌ی هی ته‌مه‌نی منداڵییه و هاوكات ده‌ڵێت: «ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ تاكێكی ته‌ندروست له رووی متمانه به زاته‌وه دروست بێ، ده‌بێ به وردی پرۆگرامی بۆ دابندرێت و چاره‌سه‌ریان بكه‌ین.» ڕێكاره‌كانی چاره‌سه‌ریش به‌مجۆره ده‌خاته‌ڕوو:

* یه‌كه‌م ددان به بوونی گرفتی نه‌بوونی متمانه‌كه‌دا بنێین.

* به‌رنامه‌یه‌كی په‌روه‌رده‌یی تۆكمه بۆ قوتابخانه‌كان و مامۆستاكان دابڕێژرێت .

* كاركردن له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ی كه ده‌ڵێت: ئه‌وه‌ی لێی ده‌ترسی بیكه، ترسه‌كه نامێنێ.

* به‌رپرسیاریه‌تی حكومه‌ت و ده‌زگای یاسادانان له خۆشكردنی زه‌مینه‌ی له‌بار بۆ ئه‌وه‌ی ئافره‌تان بتوانن به‌شداری فیعلی بكه‌ن له ژیان، نه‌ك به‌شداریان پێبكه‌ن .


مه‌یاده محه‌مه‌د نه‌جاڕ كه هه‌ڵگری بڕوانامه‌ی ماسته‌ره له كارگێڕی كار، به‌شداریكردنی ئافره‌ت له پرسه جیاوازه‌كانی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری و بازرگانی به پێویست ده‌زانێت و رایوایه هه‌تا ئافره‌تان به‌شدارییه‌كی كارا له‌پرسه جیاوازه‌كاندا نه‌كه‌ن، ئه‌سته‌مه كۆمه‌ڵگه بتوانێت به‌ره‌وپێش بڕوات. گوتیشی: «ئه‌گه‌ر سه‌یر به‌شداری ئافره‌تان له‌گشت پرسه جیاوازه‌كاندا بكه‌ین، پێویستمان به‌هه‌ڵوێسته‌یه‌ك ده‌بێت، وه‌ك ده‌بینین كاتێك كه باس له به‌شداریكردن ده‌كرێت، ده‌بێت زه‌مینه‌سازی پێشوه‌خت كرابێت، له‌وانه: گرنگیدان به پرۆسه‌ی په‌روه‌رده‌كردنی ئافره‌ت، وه‌ك ده‌زانرێت په‌روه‌رده‌كردن یه‌كه‌م كۆڵه‌كه‌ی ژیانی مرۆڤه و په‌روه‌رده كاریگه‌رییه‌كی زۆر گه‌وره له‌سه‌ر ژیانی ئافره‌ت دروست ده‌كات. واتا ئێمه كاتێك ده‌مانه‌وێت په‌روه‌رده‌یه‌كی گونجاو بۆ ئافره‌ت ده‌سته‌به‌ر بكه‌ین، ده‌بێت له‌ته‌مه‌نی منداڵییه‌وه كاری بۆ بكرێت هه‌تا كه‌سایه‌تیه‌ك به‌رهه‌م بێت كه‌بتوانێت ڕۆڵێكی كاریگه‌ری له‌پرۆسه جیاوازه‌كاندا هه‌بێت.» گوتیشی: «كۆمه‌ڵگه‌و نه‌ریته كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان كێشه‌ی زۆری بۆ ئافره‌ت به‌رهه‌مهێناوه‌و له به‌شداریكردنی ئافره‌تان له‌پرسه سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان ڕێگری كردووه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش هه‌ركاتێك ئافره‌تێك بگاته پۆستێكی سیاسی، یان هه‌ر پۆستێكی كارگێڕی، یان هه‌ر جۆره پێگه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئه‌وا رووبه‌ڕووی زۆر كێشه ده‌بێته‌وه، چونكه پیاوان له كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالارییه‌كاندا نایانه‌وێت ژن خاوه‌نی كه‌سایه‌تی به‌هێز بێت و پێیان شه‌رمه پێگه‌ی ژنه‌كه‌یان له خۆیان به‌رزتر بێت، به‌شێوه‌یه‌ك كه ناتوانن ته‌قه‌بوولی هاوسه‌رێكی رۆشنبیرتر و هۆشیارتر له خۆیان بكه‌ن، هه‌میشه كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالاری به‌عه‌قلیه‌تی پیاو ده‌جووڵێته‌وه و دژایه‌تی ژنی به‌توانا ده‌كات، بۆیه ژن رووبه‌ڕووی كێشه‌ی زۆر ده‌بێته‌وه.»

مه‌یاده محه‌مه‌د دایكان به قوتابخانه‌ی یه‌كه‌می مرۆڤه‌كان و دانه‌ری بناغه‌ی كه‌سایه‌تی و بیركردنه‌وه‌ی منداڵ ده‌زانێت و رایوایه ئه‌گه‌ر له سه‌ره‌تاوه منداڵ به یه‌كسانی په‌روه‌رده



**یوسف عوسمان :**

**ئەو ئافرەتانەی کە بەهۆی باجە قورسەکەی کۆمەڵگە باجێکی قورستر دەدەن و بێدەنگییان بەناچاری کردۆتە بەرنامەی ژیانیان، پاڵپشتی یاسایی چارەسەر و گەرەنتی و خولقێنەری ژیانێکی شەرەفمەندانەی ئافرەتانی چەوساوەیە**



**ڕێبوار ئەحمەدزادە :**

**ژنان بە سەرنجدان بەوەی کە نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، بە دڵنیاییەوە دەبێ لە شێوازی تایبەتی داڕشتنی کاروباری سیاسیدا، بەشدارییەکی کاریگەریان هەبێت**

کرا، ئەوا ئافرەت متمانەی زیاتری بە خۆی دەبێت و پیاویش شانازی بە خێزانی لێهاتووی بیرتیژ و نموونەیی دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی نەریتی سیستەمی وەهای دروست کردووە کە گوایە ژن بە بێدەنگییەوە جوانەو نابێت قسە بکات، تەنانەت دەڵێن: کچی شەرمن شارێك دەهێنێت. زۆر بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا بیردۆزێکی سەقەت بووەتە کەلتووری کۆمەڵگەوە بەوەی کە گوایە ژن بەوە جوانە بێدەنگ بێت، بەڵام زۆر بە راشکاوییەوە دەڵێم: ئەوە تەنیا بۆ پشتگوێ خستنی ژنە، باشە ئەگەر ژن هەر بێدەنگ بێ، ئەی کێ مافە زەوتکراوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە؟ زۆرجار بینراوە ژنێك کە داوای مافی خۆی دەکات، یان لەسەر داواکارییەکانی سوور دەبێت، کەچی بە ناو وناتۆرەی ناپەسەند دەمکوتی دەکەن و بە زماندرێژی تۆمەتباری دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە پیاوان هەمیشە خۆیان بە پێشەنگ بزانن و دەبێت هەموو شت بزانن و درك بە هەموو زانیاریەکان بکەن و هەمیشە دەبێت ژنان و کچان پاشکۆی ئەوان بن. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمیشە پێویستی بە ژن هەیە بۆ ئەوەی بەرەوپێش بڕوات، ژن زۆر بەرپرسیاریەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەرشانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مرۆییدا، بەڵام جۆری بەرپرسیاریەتییەکانی بەپێی جۆری کۆمەڵگە و قۆناغی پێشکەوتنی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بیرۆکەی دابەشکردنی بەرپرسیاریەتییەکان لەسەر بنەمای رەگەز بیرۆکەیەکی نادروست و ناشارستانییە، لەبەر ئەوەی ژن و پیاو دوو رەگەزی تەواوکەری یەکترن، لەهیچ کاتدا ناکرێت یەکێك بەسەر ئەوەی دیکەدا فەرز بکرێت، بۆیەش هەر کاتێك کە ماف و ئەرکەکان نایەکسانانە دابەش دەکرێن، راستەوخۆ ئەم هاوکێشەیە کێشەی گەورەی تێدا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەردوو رەگەز تەواوکەری یەکترن و کاتێك کۆمەڵگە پێویستی پێیان بێت» .

رێبوار ئەحمەدزادە دەرچووی زانستە رامیارییەکان لە زانکۆی پەیام نوور لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا دانیشتووی وڵاتی نەرویجە سەبارەت بە هەمان باس سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆکە بە پەرۆشەوە باس لە بەشداریی ژنان لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی کۆمەڵگە و وڵاتدا دەکرێت، کەچی ئێستاش لە پشت پەردەی پرسیاری جۆراوجۆرەوە، ئەو پرسە گرنگە دەخرێتە خانەی گومان و دوودڵییەوە. ئایا بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیی وڵات، پێویستیەکی کۆمەڵایەتییە، یان یارییەکی تازەیە بۆ تێکدانی هاوسەنگی کۆمەڵگە، یان گفتوگۆیەکی روناکبیرانەیە، یان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گەشەوپەرەپێدان؟ ئایا بەشداریی سیاسیی ژنان حەز و خولیایەکی کاتیی ژنانەیە؟ سەرجەم پرسیارە ئاماژە پێکراوەکان، چەند بەشی جۆراوجۆرن لەپێوەندی بە دروستکردنی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و بەلاڕێدا بردنی روانگەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ناسنامەی راستەقینەی ژنان و هێشتاش بە گومانەوە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەڕواننە جێگەو پێگەی ژن. بەڵام ئایا لە راستیدا بەشداریی سیاسیی ژنان تەنیا حەزو خولیای بەشێکی کۆمەڵگەیە، یان پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە؟

هەر چوارچێوەیەکی کەلتووریی، یان ئاکاروکرداری کۆمەڵایەتی هەڵقوڵاوی هەڵسووکەوتی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە بەشداریی سیاسیش کە خولیای مرۆڤە لە قۆناغی بڕیاردان و بڕیاردارشتندا، وەك بەشێك لە هەڵسوکەوتە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگەدا هەژمار دەکرێن. بەشدارییکردنی سیاسیی لەخۆگری بەشی جیاوازە کە خوارترین بەشیی دەنگدانەو و بەرزترینیشی، هەبوونی پلەی سیاسی یان ئیدارییە. بە واتایەکی دیکە بەشدارییکردنی سیاسی لە دەنگدانەوە دەست پێدەکات و لە قۆناغەکانی دواتردا لەخۆگری هۆگرییە بە سیاسەت، بەشدارییکردن لە بەشە سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا، ئەندامبونی کاتی و هەمیشەیی لە رێکخراوەی سیاسی و...هتد، خۆپێشاندان، گەڕان بەدوای پۆست و پلەی سیاسی و ئیداری و هتد، ژنانیش بە سەرنجدان بەوەی کە نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، بە دڵنیاییەوە دەبێ لە شێوازی تایبەتی داڕشتنی کاروباری سیاسیدا، بەشدارییەکی کاریگەریان هەبێت. ئەمڕۆکە پلاندارێژانی ئاستی بچوك و گەورە بە گرینگیی (نەخش و جێدەست) بۆ پێشوەبردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگە ئاشنابوون، لەو سۆنگەیەشەوە بەوە گەیشتوون کە بەشداریی ژنان لە چالاکیەکانی سیاسی، ئابووریی یان بەڕێوەبردنی نەخشی هەستیار لە پەرەپێدان و نوژەنسازیی یەکەکانی دەوڵەت-نەتەوەدا، توانای وڵات بۆ تێپەڕاندنیی هەنگاوەکانی پێشوەچوون و تازەگەری، بەدیدێنێ و رێنوێنی دەکاو پێیدەگەیەنێت. ئێستا لەسەر بنەمای ئەو بۆچونانەی کە لە دێڕەکانی سەرەوەدا باسکران، ئایا ئێستاش دەکرێ بەشداری سیاسیی ژنان وەك لەمپەرێکی تازەی جیهانی رۆژئاوا بۆ سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا یان وەك هەواوهەوەس وحەزو خولیای کۆمەڵایەتی بۆ بانگەشەی روناکبیریی گروپێکی تایبەت کە خەمخورو دڵسۆزی کاروباری کۆمەڵایەتیی نین، ناو ببین؟ ژنانیش خۆیان تاوانبارن چونکە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ نەهێناوە، کۆمەڵگەش کەمتەرخەمەو کەمکاریی کردووە چونکە داواکاریی لە هاوڵاتیانی بۆ بەشدارییکردن خستۆتە لاوەو گرینگیی پێنەداوە. لەو رووەوە بەشدارییکردنیی سیاسی ژنان بۆ داواکردن و دەرخستنی ماف و ئەرکدا ئیمتیازێکی کۆمەڵاتی نییە، بەڵکو ئەرکێکە کە تا ئێستا لە بە کردەوەیی نەکردنیدا هەر دوو بەشەکە تووشی زیان هاتوون.»



شوان سابیر:

**بەرپرسیاریەتی حکومەت و دەزگای یاسادانان لە خۆشکردنی زەمینەی لەبار بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن بەشداری فیعلی بکەن لە ژیان، نەک بەشداریان پێبکەن**





# ئافرەتێک چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار دەکات

ئافرەتێک بەو پەڕی فیداکارییەوە بۆ خۆشەویستەکەی، رووبەڕووی کۆسپەکانی بەردەمی دەبێتەوە و بە بڕیارێکی لێبڕاوانە خانەوادەکەی رازی دەکات، تاوەکو لەگەڵ خۆشەویستەکەی ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، بەڵام دوای بە یەک شادبوونەوەیان نەهامەتییەکان رووی تێدەکات و هاوسەرەکەی لە زیندانەوە تەڵاقی دەدات، دواتر لە لایەن براکانییەوە بە زۆرەملێ بە شوو دەدرێتەوە و دیسان سەرگەردانی بەرۆکی دەگرێت و بە ناچاری پەنا بۆ ماڵی براکانی دەبات. بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە لە سەر زاری خۆی دەبیستین.

تەمەنی (٣٢) ساڵە و بەژنێکی بەرز و باریکی هەیە و جوانیی روخساری زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام لە قووڵایی چاوەکانیدا خەمێکی زۆر بەدی دەکرێ. خۆی بە ناهیدە دەناسێنێت و وەك باسیکرد، دایکی سێ منداڵە و یەکێك لە منداڵەکانی بە هۆی تایەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردووە، ئەو جەرگ سووتانەشی سەرەتای ئەو نەهامەتییانەن کە تا ئەمڕۆ بەرۆکی بەرنادەن. ناهیدە بەمجۆرە بەسەرهاتی ژیانی پڕ لە ئازاری خۆی بۆ گوڵان دەخاتەڕوو:

«مێردەکەم، لە ماڵەوە پیاوێکی ئارام و باش بوو، ئێمە هیچ کیشەمان نەبوو، خوای گەورە سێ منداڵی جوانی پێدابووین، گەرچی ماڵی خەزووریشم بەرامبەر بە من زۆر خراپ بوون، بەڵام ئەو هەمیشە دڵی دەدامەوە، بۆیە تەحەمولکردنی ئەو زرووفە بەلامەوە زۆر ئاسایی بوو. بەڵام هێندەی پێنەچوو، ژیانی ئێمە بە هۆی چەند هاوڕێی مێردەکەمەوە تێکچوو. ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێی کۆنی خۆی کاری بازرگانییان دەکرد، بەڵام کێشەی مامەڵە و پارەیان بۆ دروست دەبێت، رۆژێك دەیکەنە دەمەقاڵێ، تا وای لێدێت مێردەکەم زۆر پەست دەبێت و بە دەمانچە هاوڕێیەکی بریندار دەکات، ئیتر دوای ئەوە دەستبەسەر کراو ژیانمان تاریك بوو. بە حوکمی ئەوەی پێشتر بە خۆشەویستی شووم پێکردبوو، بەرگەی هەموو ئازار و کێشەیەکم دەگرت، دوای گرتنی مێردەکەم لە ماڵی خەزوورم مامەوە، رۆژانە نزام دەکرد، چەند جار چووین بۆ ماڵی کابرا لێمان خۆش بێت، کەچی ئەوان هەر سوور بوون لەسەر بڕیاری خۆیان، هەرچی زێڕ و پارە و ماڵم هەبوو هەموویم دانا، تەنیا لەبەر ئەوەی مێردەکەم بێتەوە ناومان، کەچی بڕیاری پانزە ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، ئیتر ئەمەلمان نەما. منیش هەر لەگەل ماڵی خەزوورم دانیشتم، بەڵام ئەوان دوو ئەوەندەی جاران لەگەڵ خۆم و منداڵەکانم خراپ بوون، منیش هەر گوێم بەو شتانە نەدەدا، رۆژێك هەڵسام لەگەڵ منداڵەکانم چووم بۆ ماڵی باوکم، خەسووم گوتی: زوو وەرە. کە هاتمەوە میوانی زۆرمان هەبوو، من سەرقاڵی چێشت لێنان و کاری ماڵ بووم، نەمزانی کوڕە گەورەکەم بە ئاو یاری کردبوو، شەو تایەکی زۆر گەرمی گرت، ئێمەش بردمانە لای دکتۆر و دەرزی لێدا، شەو هاتینەوە، بەیانی هەڵسام بینینم کوڕەکەم هەڵنەستاوە، چووم هەڵیبسێنم، کەچی جەرگم سووتابوو، من پێم نەزاییبوو. کاتێك وتیان کوڕەکەت مردووە، ئەژنۆم شکا و کردمە هاتوهاوار و ئەوەندەم لە خۆم دا، تاوەکو بێهۆش بووم و بوورامەوە. دوای ئەو جەرگ سووتانە ماڵی خەزوورم منداڵەکانی تریشیان لێم ساندەوە و منیان دەرکرد، کە خەبەریان بۆ مێردەکەم برد، ئەویش منی نەویست، هەر لە زیندانەوە تەڵاقی دام، ئیتر رۆژانە کارم بووە گریان، ماڵی باوکیشم، بەتایبەت براکانم زەختیان لەمن دەکرد، کە دەبێت شوو بکەمەوە، ئەوە بوو رۆژێك دراوسێکەمان بە دایکمی گوتبوو پیاوێك هەیە دەیەوێ ژن بێنێ، پیاوێکی باشە، بۆ کچەکەتی نادەیتێ؟ دایکیشم راستەوخۆ بە براکانمی گوتبوو، هێندەی پێنەچوو، براکانم منیان بە زۆر بە شوودا بەو پیاوە، من جەرگم سووتابوو، لە دوو منداڵی دیکەشم دابڕابووم، خەمۆك و خەمبار بووم، کەچی براکانم بە زۆرەملێ منیان بە مێرد دایەوە و هیچ حیسابێکیان بۆم نەکرد. قسمەتی خوا وابوو لەو پیاوە منداڵم نەبوو. ئیتر رۆژانە لەگەڵ دەمەقاڵێ و پرتەپرتی خەسووم خەریك بوو شێتم بکات. هەر دەیگوت: بۆ منداڵت نابێ؟ ئاخری وایکرد ژنیان بەسەرم هێنا. دوای ئەوەش من زۆر زیز بووم، گوتم من کێشەم نییە و پێشتر سێ منداڵم بووە، بەڵام بە بێ پشکنینی پزیشکی پیاوەکەم بە زەبری دایکی تەڵاقی دام، ئیتر ئەو هەموو بەزمەی بەسەرم هات، بەس نەبوو، ئەوەشی هاتەسەر، ماڵی باوکیشم دوو ئەوەندەی جاران خراپتربوون، ئەوەندەی پێنەچوو، باوك و دایکم کۆچی دواییان کرد. من دوامنداڵیان بووم و خۆشك و براکانم هەموویان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون، ئیتر ناچار بووم هەر رۆژەو لەماڵی برایەك ژیان بەسەربەرم. هێندە ژنی براکانم لەگەڵم لالووت بوون، بۆیە براکانم رازی کرد کاربکەم، دوای هەوڵێکی زۆریش بووم بە خزمەتگوزار لە قوتابخانەیەك و قوتابخانەم پاك دەکردەوە، ئەو پارەی وەرمدەگرت هەموویم بۆ منداڵی براکانم خەرج دەکرد،، ئینجا لووتیشیان خوار بوو. لە دیداری منداڵەکانی خۆم مەحرووم کراوم و هیچ دڵخۆشییەکم بەو دنیایە نەماوە، نازانم ئەمە چ چارەنووسێکە. بەو دواییە ژنی براگەورەکەم بە سەختی نەخۆش کەوت، ئیتر براکەم نەیهێشت کاربکەم و وتی دەبێ واز لە کارەکەت بهێنی. ئێستا لەو ماڵە برایەم خزمەتی براژنەکەم دەکەم و نانیان بۆ حازردەکەم، براکەم بڕیاری خۆی داوە و دەڵێت پێویست ناکات کار بکەیت، خزمەتی ماڵ و منداڵم بکە و منیش ئاگام لێت دەبێت، ئەوەش برا. خۆیان ماڵی منیان تێکدا و ئێستاش وەك خزمەتکار سەیرم دەکەن. بۆیە بەو تەمەنە کەمەوە چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار دەکەم.»

**لە دیداری منداڵەکانی خۆم مەحرووم کراوم و هیچ دڵخۆشییەکم بەو دونیایە نەماوە، نازانم ئەمە چ چارەنووسێکە**

**ناچار بووم هەر رۆژەو لەماڵی برایەک ژیان بەسەربەرم. هێندە ژنی براکانم لەگەڵم لالووت بوون، بۆیە براکانم رازی کرد کاربکەم، دوای هەوڵێکی زۆریش بووم بە خزمەتگوزار لە قوتابخانەیەک و قوتابخانەم پاک دەکردەوە**

**کاتێک وتیان کوڕەکەت مردووە، ئەژنۆم شکا و کردمە هاتوهاوار و ئەوەندەم لە خۆم دا، تاوەکو بێهۆش بووم و بوورامەوە**

**هەرچی زێڕ و پارە و ماڵم هەبوو هەموویم دانا، تەنیا لەبەر ئەوەی مێردەکەم بێتەوە ناومان، کەچی بڕیاری پانزە ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو**